## ئیبراهیم تاتلیساز لە كوردستان ... شوان بیبانی



بۆ دوو مانگ دەچێت دەنگۆی ئەوە هەیە كە ابراهیم تاتلیساز دێت لە اربل و سولمانیە دهوك وەكو خوی لە ریكلامە كەیدا دەردەچێت كۆنسیرت دەكات و لە یەكیك لە سایتەكان نووسرابوو كە ئەو هونەرمەندە بە تەنها دوو ملیۆن دۆلار كونسیرت دەگێریت بۆ ئەو دوانەی كە لە تەنیشتیەوە وەستاون و لە كۆتایی ریكلامەكەدا ئەملاو ئەولای ماچ دەكەن بۆ ئەو 200 دەفتەر دۆلارەی كە دەیبات بەرانبەر بە هیچ شتیك یان تەنها بەرانبەر بە هەوا چونكە ئەو تەنها بە فوو كردن بە گەروویدا بۆ ماوەی چەند كاتژمێرێك گۆرانی دەچرێت كە ئەویش گۆرانی توركییە وەك دەشزانن تەنها توركە ریگر لە بەردەم هەموو شتێك كە مۆركی كوردی پێوە بێت ئەو كابرایە لەوەتەی هەیە تەنها دوو برگەی گۆرانی كوردی ووتووە كە ئەوانیش فلكلۆرین لێرەدا چەند پرسیارێك دەپرسم؟

1- كێن ئەوانەی كە پلیت دەكرن و دەچن بۆ كۆنسیرتەكە
2- بەو 200 دەفترە چەند باری كارەبای پی چاك دەبێت
3- چەند قوتابخانەی پی ئاوەدان دەكرێتەوە
4- چەند گوندی كەركووك و گەرمیانی پی ئاوەدان دەكرێتەوە
5- چەند نەخۆشی ئەم وولاتەی پی چارە سەر دەكرێت
6- چەند ئامێری پزیشكی پی دەكردرێت
7- چەند جادەی پی قیرتاو دەكرێت
8- چەندو چەند و چەندی تریش
9- چەند كۆنسیرتی بۆ گورانی بیژە بی یارمەتی دەركانی پی یارمەتی دەدرێت
10- چەند كتیبی پی چاپ دەكرێت

بۆیە من وای دەبینم كە حكومەتی هەریم هەردوو ئیدارە هاتنی ئەو كابرایە قەدەغە بكەن چونكە دیارە ئەو پارەیە ئەچیتەوە توركیاو لەویش تورك باجی لیوەردەگرن بۆ ئەوی جاریكی تر بە چەك و تەقەمەنی بدەن مندال وژن و پیاوی كوردی پی بكوژن ئەو دوو زۆلە كوردەش پارەو پولیكیان لی دەست دەكەویت.